# رۆژی یەکی مەی لە شاری "رۆتردام"ی هولەند ریزی لێ گیرا

کۆمیتەی یەکی مەی لە شاری "ڕۆتردام"ی هولەند, ئەوسالێش وەک سالانی رابردوو بە ریک خستی رێپێوانێکی ئارام ریزی گرت لە رۆژی یەکی مەی واتە رۆژی جیهانی کرێکاران, ئەوە لە حالیک دایە کە ولاتی هولەند لە ئوروپای ناوەندی تەنیا ولاتێکە ئەم رۆژەی وەک رۆژی پشوی رسمی سەراسەری دانەناوە.



رۆژی یەک شەممە کات ژمێر 1ی پاشنیوەڕۆ کە بە بانگەوازی کۆمیتەی ناوبراو پارت و ریکخراو و کەسایەیتی چەپ و رزگاریخواز زیاتر لە هەزار کەس لە بەر دەرگای شارەوانی شار کۆببوونەوە, کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ دەستیان کرد بە رێپێوان لە چەند شەقامێکی دیاریکراو دا, دروشمی کۆمیتەکە بریتی بوو لە, نەمێنێ راسیسم هەروەها بەرەو یەکیەتی و بۆ سۆسیالیسم. شایانی باسە جیا لە و دروشمانە پارت و رێکخراوەکانی تری بەشداربووش هەر یەکەو بە بلاکارت و ئالا و نووسراوەی پێوەندیدار بەم بۆنەیەوە بەشدارییان کرد, یەکێک لە درووشمەکانی بەشداربوان, داواکاری لە هێزە دێموکڕات و دێموکراتخوازەکان بوو کە, بۆ رزگاری بەشەرییەت لە دەوری ئالای کرێکاران کۆ ببنەوە. دوای رێپێوانەکە بەشداربوان لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاری رۆتردام کۆ بوونەوە و هەر لەوێ ئەندامانی کۆمیتەکە بە م بۆنەیەوە پەیامی خۆیان پێشکەش کرد. پەیامی "کۆمەلە" ش کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەکە بوو, لە لایەن هاوڕێ "کەیوانی فەرامەرزی" وە بەزمانی هۆلەندی پێشکەش بە بەشداربوان کرا.



پاش ڕێپوان و خوێندنەوەی پەیامەکان, بەشداربووان بۆ شایی و جێژن لە سالۆنێک لە دەوری یەک کۆ بوونەوە لەوێش هەر لایەنە و دەرفەتی بەشداری پەیام و باسی پێ درا. دانانی میزی کتێب کە یەکێک لە چالاکێکانی دەستەی بەڕێوەبەر لە سالۆنەکە بوو جێژنەکەی زیاتر ڕازاندبۆوە, هاوڕێانی کۆمەڵەش میزێکی کتێبیان بۆ تەرخان کرابوو کە پیشوازی بەرچاوی لێ کرا.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان(ڕێکخراوی هولەند)
2ی مەی 2005